پرۆژەی سوڵتەی سیاسی کوردستانی
هەڤاڵانی تێکۆشەری بەڕێز کاك مام جەلال ، کاك مەسعود بارزانی
سلاویکی گەرم

ئەم پرۆژەیە دەخەمە بەردەست هەرهەموو حیزبەکانی کوردستان و بەرێزانی تێکۆشەر مام جەلال و مەسعود بارزانی بۆ لێکۆڵینەوە و دیراسەکردن ، بۆ دروستکردنی سوڵتەی سیاسی لە کوردستاندا .
پاش شیکردنەوەیەکی قوڵ دەردەکەوێت کە گرفتی سیاسی لە کوردستاندا کێشەیەکی هەیکەلیە، دەزگا و قەوارەی سوڵتەی سیاسی و دەستەڵاتی سیاسی نیە وەك وڵات و حکومەت کە هێزە سیاسیەکان مل ملانێی و مونافەسەی تێدابکەن بۆ دەسەڵات گرتنەدەست ، وەك یاری گوریس راکێشان هەریەك سەری گوریسەکە رادەکێشێ ، بە هێز دەیەوێت خۆی شەرعی بکات . هەندێ میللەت ئەو گرفتە سیاسیەی بە دیکتاتۆری و تۆقاندن و کوشتن چارەکردوە، هەندێ میللەتی دی بە دیموکراتی چارەی کردوە. ئەمەش دیاردەیەکی سروشتیە لە مومارەسەی سیاسی و دەستەڵاتدا، بەڵام گرفتی سیاسی چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە . چەرچڵ دەیگوت ( دیموکراتی باشترین نیزامی سیاسی نیە بەڵام تائێستا باشترمان نەدۆزیوەتەوە ).

بەرە دروستکردن چارەی کێشەی کوردستان ناکات ، بەرە سروشتی تاکتیکیە و کاتی . گرفتی سیاسی ناوخۆی کوردستان بۆشایی سوڵتەی سیاسی میللەتە . کە بوەتە هۆی ناکۆکی سیاسی نێوان هێزە سیاسیەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییی سوڵتەیە.

من پێشنیار دەکەم ، کە سوڵتەیەکی سیاسی دروستبکرێت بۆ کوردستان لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانەو دەستوریانە کە سەرکردایەتی بزورتنەوەی کوردستان بکات و نوێنەری سوڵتەی میللەت . کە قەوارەیەکی سوڵتەی سیاسی و سەرکردایەتی دروست بکرێت ، جا هەر ناوێکی بۆ دابنێی ..... من پیی دەڵیم (( دەزگای سیاسی باڵای کردستان _ هیئەالسیاسیە الکردستانیە). کە سوڵتەی سیاسی باڵا بێت لە کوردستاندا و سەرکردایەتی و بەڕێوەبەری بزوتنەوەی کوردستان بێت، ستراتیژی بۆ دابنێ، سەرپەرشتی حکومەتی کوردستان بکات، ئەو دەزگایە سەرکردایەتیەکی جەماعی بێت و پێکهاتبێ لە حیزبە چەسپاوەکانی کوردستان ، لە ( 5 تا 9 کەس ) پێکهاتبێ، تەمەنیان لە 45 ساڵ کەمتر نەبێت لە بەر هۆکاری شەخسی و نەفسی ، مرۆڤ تا ئەو تەمەنە شەخسیەتێکی بۆ خۆی دروستکردوەو پاڵیوراوە . پەڵە و لکە بە شەخسیەتیەوە نەبێت، دڵسۆزو خاوەنی خەبات بووبێ. سەرۆکی ئەو حیزابانەی ناو دەزگاکە ئەندامی هەمیشەیی بن. پارتی و یەکێتی دوو ئەندامیان هەبێ بە هۆی هێزی جەماوەریانەوە هەروەها هەقی ( ڤیتۆ ) یان هەبێت لە بڕیاردانـدا. سەرۆکی سوڵتە لەو دەزگایەدا هەڵبژێردرێ بە دەنگدان یا بە نۆبە، بۆ ماوەی یەك ساڵ یا دوو ساڵ هەڵبژێردرێ . سەرۆك سۆڵتەی موتڵەقی نەبێت بەڵکو بڕیار بە جەماعی و ڕاوێژکاری بێت . ئەو حیزبانەی کە وەردەگیرێن دەبێت جێی متمانە بن، دروستکراو نەبن، چەسپاوی مێژوویی هەبێ. ئەو حیزبانە پابەند بن بە دەزگاکەوە بە گوێرەی عەقد و دەستور و یاسا پەیڕەوی بکەن. وەهەروەها هەر یەك لە ئەندامانی دەزگاکە کاتێ کە وەزیفەی سەرۆکی نەبێت، لێپرسراوی خۆی هەبێت ، وەك عەسکەری، ئابوری، سیاسی...، لە خوارەوە وێنەی شکڵی ئەو سوڵتەیە دەکێشم.

ئەمجا لە خوار ئەمەوە دروستكردنی حكومەتی هەرێمی كوردستان ، كە سەلاحیاتەكەی بەڕێوەبەری ئیداری هەرێمی كوردستان بێت ، حكومەتەكە لە هەڵبژاردنی گشتیەوە دروست بكرێت ، سەرۆكی حكومەت لە ئەغلەبیەت بێت ، بەلام دەزگاكە هەقی ڤیتۆی هەبێ لە دانانی سەرۆكی حكومەت ئەگەر یەكێ گونجاو نەبێت بۆ ئەو وەزیفەیە داوا بكات بۆ دانانی یەكێكی دی. بەرەی موعارەزە و بەرەی ئەغلەبیەتی هەبێت ، تەحالوفاتی سیاسی نێوان حیزبەكان هەبێت بۆ حكومەت دروستكردن .
بەو جۆرەش ناكۆكی سیاسی كارناكاتە سەر سەركردایەتی میللەت. سەركردایەتی حەكەم دەبێت نەك حاكم .

بەم شیوەیە گرفتی بۆشایی سوڵتەی سیاسی پڕ دەكرێتەوە و ناكۆكی سیاسی هێزە سیاسیەكان ناهێڵێت. ئەم جۆرە سوڵتەیە زیاتر لە نیزامی فەرەنسیەوە نزیكە ، كە سەرۆكی وڵات و حكومەت دوو وەزیفەی جیاوازیان هەیە ، سەرۆكی وڵات چارەنوسی میللەت و پەیوەندی خاریجی و ستراتیژی وسەرپەرشتی گشتی وولات وئیرشاداتی گشتی لە ژێر دەستدایە و حكومەت كاروباری وولات دەبات بەڕێوە . بەلام سەرۆك بە دەنگدانی گشتیە ، كە ئەمەیان بۆ وەزعی ئێستای كوردستان دەست نادات. دروستكردنی مەحكەمەكی دەستوری هاوبەش بۆ چارەسەركردنی كێشەی سیاسی كاتێ كە روبدات .
جگە لە پەرلەمان كە بە هەڵبژاردنی گشتیە، مەجلیسی میللەت دروست بكرێت، كە پێكهاتبێ لە پیاوە ماقولانی میللەت، وردەحیزبەكان ( وەرزیەكان). ڕۆشنبیران و پسپۆڕان كە حیزبی نین. بۆ كۆكردنەوەی هەموو میللەتەكە ، وەزیفەی راوێژكاری و لێكۆڵینەوە بێت لە كاروباری میللەت .

بۆ ئەوەی میللەتێكی هاوچەرخ و شارستانی و دیموكراتی دروست بكەین . بۆ ئەوەی پڕۆژەیەكی وا سەركەوتوو بێت ، دەبێت لاپەڕەیەكی نوێ هەڵبدەیەنەوە. كاتێ سوڵتەی سیاسی دروستدەكرێت و سیستەمێكی سیاسی دادەنرێ بۆ میللەتێ ، لە ڕوانگەی تاكتیك و بەرژەوەندی تاكە حیزبێ نیە بناخەی سوڵتە و سیستەمی سیاسی دادەڕێژرێت بۆ میللەت . ئەم هەنگاوانەی خوارەوە و هەندێكی تر پێویستە :

* یەكگرتنەوەی هێزی چەكداری لەژێر یەك سەركردایەتیدا، لەژێر سۆڵتەی ئەو دەزگایەداو حكومەت. بەڕێوەی ببرێت و لێپرساوی دابنێ لە سەربنەمای لێهاتویی نەك حیزبی. قەدەغكردنی رێكخراوی سیاسی لە هێزی چەكداردا ، هیچ حیزبێ بۆی نەبێ چەكداری هەبێ .

* هیچ حیزبێ بۆی نەبێت پەیوەندی تایبەتی خاریجی هەبێ ، پەیوەندی خاریجی لە ژێر سوڵتەی ئەو دەزگایەدا بێت .

* دەزگاكانی ئیعلام ( رادیۆ ، تەلەفیزیۆن ، رۆژنامە ) بكرێن بە ماڵی حكومەت . حكومەت لێپرساوی دابنێ لەسەر بنەمای لێهاتویی نەك حیزبی. هەر حیزبەش رۆژنامەی خۆی هەبێت و شەرعیە . دروستكردنی لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی ئیعلام و بێ لایەنی و لێپرسینەوەی . وەك ئەوەی كە لە هەموو وڵاتێ هەیە بۆ خزمەتی میللەت .

* جارێكی تر نەگەڕێینەوە بۆ مەنتیقی بە لە 50% دابەشكردنی وەزیفە و دەستەڵات و مالی . كۆمەڵگای مەدەنی دروست بكرێت، پێوست ناكات قوتابخانە و زانكۆكان و دائیرەكان حیزبی

بکرێن، پێوست ناکات مەکتەبێ مودیرەکەی لە حیزبێ بێت و جێگرەکەی لە حیزبێکی تر،دەبێت لەسەربنەمای لێهاتویی و کارزانی بێ ، وەك هەموو میللەتێکی تر.

* قەدەغەکردنی حیزبیکردنی ژیانی قوتابیان لە زانکۆ و قۆتابخانە ، یەکێتی قوتابیان دەبێت نوێنەری بەرژەوەندی قوتابیان بێ، لاوانی حیزبەکان کاری سیاسی بکەن.

* یەکگرتنەوەی ئاسایش و پاراستن لە ژێر یەك سەرکردایەتیداو لە ژێر سوڵتەی حکومەت و ئەو دەزگایەدا بێت .

* کۆڵەکەی هەموو سوڵتەیەك یاسا و دادگا و پاراستنی هەق و مافی هاوڵاتیەتی.

* دروستکردنی سندوقی مالی بۆ ئەو دەزگایە و لە ژێر سوڵتیەی ئەو سەرکردایەتیەدا بێت. حیزبەکان 50% ی مالیان بدەن بە سوڵتەی کوردستان ماڵی میللەتەو دەبێت بۆ میللەت بێ.

بێگومان ئەمە پرۆژەیەکی سیاسیە ، بۆ لێکۆڵینەوە ، دەستکاریکردن ، گۆڕین ، پەرەپێدان. بۆ دروستکردنی سوڵتەی سیاسی کوردستان و یەکگرتنەوەی هێزە سیاسیەکان ، تا بتوانرێ جەماوەرەکە تەعبیئە بکرێت و هیوا و ئاوات بۆ میللەتەکە دروست بکات.

هەربژین بۆ میللەت ، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

رزگار حەسەن

